Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# ئاست و پێگەی کورد لە دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراقدا

لەلایەن:
د. ئاکۆ حەمەکەریم

تەمموزی ٢٠٢٦

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# ئاست و پێگەی کورد لە دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراقدا

## پوختە


لەدوای ساڵی 2003، سیستمی سیاسی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەت و تەوافوقی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی دامەزرا. کورد وەک یەکێک لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکان، توانی پێگەیەکی گرنگ لە دامودەزگا فیدراڵییەکاندا بەدەستبهێنێت و ببێتە هاوبەشێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

بەڵام لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا، بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق، لاوازبوونی چەمکی تەوافوق و شەراکەت، هەروەها ناکۆکی و پەرتەوازیی ناوخۆی هێزە کوردییەکان، پێگەی کورد لە ناوەندەکانی بڕیاردان و دامودەزگا فیدراڵییەکانی عێراق بەردەوام پاشەکشەی کردووە.

ئەم راپۆرتە شیکارییە نیشان دەدات کە کەمبوونەوەی پشکی کورد تەنها لە ئاستی وەزارەتەکاندا نەبووە، بەڵکو لە ناوەندە سەرەکییەکانی بڕیارسازی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیشدا روویداوە؛ وەک ئەنجومەنی نوێنەران و سەۆکایەتی کۆمار و نووسینگەی سەرۆکوەزیران، دامودەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان، بانکی ناوەندی، دامەزراوە داراییەکان، دیپلۆماسی و لوتکەی هێزە چەکدارەکان. ئەمەش وایکردووە کە لەگەڵ پاراستنی هەندێک پۆستی سیادی و سیاسی، قورسایی و کاریگەریی ڕاستەقینەی کورد لە جومگەکانی دەسەڵاتدا کەم ببێتەوە.

ئەم شیکارییە دەریخستووە کە پاشەکشەی پێگەی کورد ئەنجامی هۆکاری ناوخۆ و دەرەکییە؛ لە ئاستی ناوخۆدا، پەرتەوازیی سیاسی و نەبوونی ستراتیجییەکی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی بەشداربووی بەغدا بۆ بەدواداچوونی پۆستە فیدراڵییەکان گرنگترین هۆکارە، لە ئاستی دەرەکییشدا؛ گواستنەوەی هاوکێشەی سیاسی عێراق لە چەمکی «شەراکەت و تەوافوق» بۆ «زۆرینەی سیاسی» و گۆڕانی هەڵوێستی هێزە باڵادەستەکان بەرامبەر کورد، بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی ساڵی 2017، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە.
لە کۆتاییدا، راپۆرتە شیکاریەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی کورد لە بەغدا پێویستی بە گۆڕینی تێڕوانین هەیە لە سیاسەتی پۆستە باڵاکان بۆ سیاسەتی بەهێز و کاریگەریی لە دامودەزگا و ناوەندەکانی بڕیاردا.

هەروەها پێشنیاز دەکات بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەش بۆ هەماهەنگی و بەدواداچوونی پۆستە فیدراڵییەکان و یەکخستنی هەڵوێستی هێزە کوردستانییەکان لە ستراتیجێکی کارکردنی هاوبەش، وەک دوو گرنگترین هەنگاوەکانی گەڕاندنەوەی پێگەی کورد لە دامودەزگا فیدراڵییەکانی عێراق .

لە وڵاتە فرە نەتەوەیی و فرە مەزهەبییەکاندا، دەوڵەتداریی و سەقامگیریی سیاسی تەنها بە بنەمای زۆرینە و کەمینە نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە سیستم و رێوشوێنی تایبەت هەیە کە بتوانێت گەرەنتی بەشداریی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان بکات. ئەم جۆرە سیستمی حکومڕانییە بە (دیموکراسیی تەوافوقی) ناسراوە.
عێراق دوای ساڵی 2003 نموونەیەکی ئەم جۆرە سیستمە بوو، کە تێیدا سێ سەرۆکایەتییەکە بەسەر کورد و شیعە و سوننەدا دابەش کراون، بەمشێوەیە پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ شیعە، سەرۆک کۆمار بۆ کورد و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سوننە . هەرچەندە ئەم هاوکێشەیە لە دەستور و یاساکاندا نەنووسراوە، بەڵام بووەتە عورف و نەریتێکی سیاسی بۆ دابەشکردنی پۆستە سیادی و حکومییەکان و بنەمای هاوسەنگیی سیاسی لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا.

کورد وەک یەکێک لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەشداری کارا و گەورەی لە حکومەتی فیدراڵ کرد و توانی پێگە و بوونی هەبێت لە دامودەزگاکاندا. بەڵام لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی عێراق و ناکۆکییە سیاسییەکانی ناو ماڵی کوردستان کاریگەرییان لەسەر ئەو پێگەیە داناوە.

گرنگیی پێگەی هەر پێکهاتەیەک تەنها بە ژمارەی وەزارەتەکان یان پۆستە سیادییەکان ناپێورێت، بەڵکو بە ئاستی ئامادەبوونی لە ناو دامودەزگا گرنگ و حەساسەکانی بڕیاردان دەپێورێت، وەک دامەزراوە ئابوورییەکان، دەزگا ئەمنییەکان و ناوەندە دیپلۆماسییەکان. بەشێوەیەک کە بە فعلی بەشداری دروستکردنی بڕیاڕ بکرێت، کە بنەمای سەرەکییە بۆ بەشداری سیاسی و تەوافوق.

بۆیە، پرسە سەرەکییەکە بۆ کورد لە عێراق تەنها ئەوە نییە کە چەند وەزارەت یان چەند پۆستی سیادی وەردەگرێت، بەڵکو ئەوەیە تا چەندە دەتوانێت بەشدارییەکی کاریگەر و هاوسەنگ لە دامودەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەتدا هەبێت. هەر کەمبوونەوەیەک لەو بەشدارییە، بە واتای لاوازبوونی میکانیزمی شەراکەت و تەوافوقی سیاسی دەبێت، کە لە کۆتاییدا دەتوانێت کاریگەریی لەسەر هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکانی عێراق دابنێت.

لەم ڕوانگەیەوە، بوونی (بریکاری وەزیر، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، جێگرەکان، سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان و پلە باڵاکانی دامودەزگا حکومییەکان...هتد) بە هەمان ئەندازەی وەزارەتەکان گرنگن، چونکە زۆرێک لە بڕیارە گرنگەکان لەو ئاستانەدا دەدرێن و جێبەجێدەکرێن. بۆیە ئەگەر کورد تەنها پۆستی سەرۆک کۆمار و چەند وەزیرێکی هەبێت، بەڵام لەئاستی خوارەوە و لەدەزگا گرنگ و ستراتیجییەکاندا نەبێت یان سنووردار بێت، ئەوا بەشدارییەکەی تەواو نابێت.

## چۆن پشکەکانی کورد لە عێراق کەمیکرد؟

دەتوانین بەشداری کورد لە حکومەتەکانی عێراقدا بۆ دوو قۆناغ پۆلین بکەین:

**یەکەم/ قۆناغی زێڕین**

لە سەردەمی ئەیاد عەلاوی، جەعفەری و یەکەم کابینەی مالیکی، پێگەی کورد لە حکومەت لە لوتکەدا بوو (5 بۆ 7 وەزارەت لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار). بەدەر لەمانەش کورد لەزۆربەی دامەزراوەکانی تری دەوڵەتدا بەشداربوو بەتایبەتیش لە وەزارەتی بەرگری و دەرەوەدا.

هۆکاری ئەم بەشدارییە کارایە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە سەرەتای بنیادنانی دەوڵەتی نوێ عێراق بوو، ئەمریکاش بوونی سەربازی و سیاسی بەهێزی هەبوو . هەروەها تاڕادەیەک دۆخی ئەمنی عێراق سەقامگیر نەبوو و جەنگی تائیفی لەنێوان شیعە و سوننە لەئارادا بوو. لەهەمووشی گرنگتر کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بوو، خوالێخۆشبوو مام جەلال سەرۆک کۆمار و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد رۆڵی کارا و کاریگەریان دەگێڕا لە هاوکێشە سیاسیەکان عێراقدا.

دەکرێت ئەم قۆناغە ناوبنێن (قۆناغی توافوق و شەراکەتی ڕاستەقینە) کە هێزە شیعەکان بەبێ بەشداری کورد بڕیاریان نەدەدا و کورد هاوبەشی فعلی بوو لە عێراق.

**دووەم/ قۆناغی پاشەکشەکردن**

کە لە کابینەی دووەمی مالیکییەوە دەستپێ دەکات تا ئێستا، بەشێوەیەک پشکەکانی کوردلە 6 بۆ 7 وەزارەتەوە کەمیکرد بۆ 3 بۆ 4 وەزارەت و وردە وردە پشک و پێگەی کورد لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کەمیکرد. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە توافوق و شەراکەت لاواز بوو، هێزە شیعەکان دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی چەمکی (زۆرینەی سیاسی) و کورد و سوننە لە جومگە و بڕیارە گرنگەکاندا پەراوێز خران.

هۆکاری پاشەکشەکردن و کەمبوونەوەی ئیستیحقاقی کورد لە بەغدا، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پەرتەوازەیی و دابەشبوون و ناکۆکی هێزە سیاسییەکان و نەبوونی مەرجەع و دامەزراوەیەک بۆ هەماهەنگی و بەدواداچوونی پۆستەکانی کورد لەبەغدا و نەبوونی ستراتیجی هاوبەشی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ، بە پلەی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی حکومەتی فیدراڵ و سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، هەروەها گۆڕانی تێڕوانین و مامەڵەی شیعە بەرامبەر کورد بەتایبەتیش دوای ریفراندۆم و ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017 کە خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی بوون. پێش ڕووداوەکان کورد وەک پێگەی بەهێز بوو، بەڵام دواتر وردە وردە پێگەی هەرێم لاواز بوو.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین ئەوە بڵێین کە رۆڵ و پشکی کورد لە حکومەتی فیدڕاڵ لە ماوەی 20 ساڵدا بەردەوام کەمبوەتەوە لە حەوت وەزارەتەوە گەیشتووەتە سێ یان چوار وەزارەت، واتە نزیکەی نیوەی پێگە وەزاریی خۆی لە بەغدا لەدەستداوە (هەرچەندە رەنگە بەشێکی پەیوەندی بەسیاسەتی تەقەشوفی وەزارەتەکانەوە هەبێت).

هەرچەندە کورد یەکێکە لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق و نزیکەی یەک لە پێنجی دانیشتووان پێکدەهێنێت، بەڵام لە زۆربەی دامودەزگا بڕیاردەر و جێبەجێکارە فیدراڵییەکاندا ئاستی نوێنەرایەتیی کورد لاواز و سنووردارە و هەندێکجار بوونی نییە. ئەمەش بەگشتی وایکردووە کورد لە جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەبێت و بەشدار نەبێت لە داڕشتن و دەرکردنی بڕیارەکان.

### یەکەم: نووسینگەی سەرۆک وەزیران (ناوەندی یەکەمی بڕیاری جێبەجێکردن)

نووسینگەی سەرۆک وەزیران بە بزوێنەری سەرەکیی سیستەمی سیاسی و کارگێڕیی عێراق دادەنرێت. ئەم شوێنە تەواوی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان، ئاراستەکردنی وەزارەتەکان و دۆسیە ستراتیجییەکانی دەوڵەتی لێوە بەڕێوەدەبرێت. لە کابینەی نوێی عێراقدا بە سەرۆکایەتی عەلی ئەلزەیدی و پێشتریش بوونی کورد لەم دامەزراوەیە لاوازبووە، بەم شێوازەی خوارەوەیە:

- نوێنەرایەتیی کورد لە نوسینگەی سەرۆک وەزیران: لەنێو جومگە سەرەکییەکانی بڕیاردان لەم نووسینگەیەدا (وەک بەڕێوەبەری نووسینگە، سکرتێری تایبەت، ڕاوێژکاری ئەمنی، و وتەبێژی فەرمی...هتد) هیچ کوردێک پۆستی باڵای نییە.
- ڕاوێژکارەکان و فەرمانگە پسپۆڕییەکان : نووسینگەی سەرۆک وەزیران خاوەنی چەندین لیژنەی باڵای ئابووری، یاسایی، و وزەیە، کە تێیاندا زۆربەی هەرە زۆری ڕاوێژکارە بڕیاردەرەکان لە پێکهاتەی ترن. ئامادەیی کورد تەنها لەسەر ئاستی بەشێک لە ڕاوێژکارە تەکنیکییەکانە کە کاریگەرییان لەسەر نەخشەی گشتیی بڕیارە سیاسییەکان کەمە.
- ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران کە خاوەن قورساییەکی کارگێڕیی هاوتای وەزیرە، لە دوای ساڵی 2003وە هەمیشە لای پێکهاتەی عەرەب بووە. بە گوێرەی یاسا (٦) ڕاوێژکاری هەمیشەی هەیە و یەک کوردی تیا نیە، جگە لە ڕاوێژکاری گرێبەست کە زیاتر لە(٥٠) ڕاوێژکارن تەنها فەرهاد عەلائەدین کوردە.
- جێگری دووەمی فەرمانگەی ئەمیندارێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران کوردە پارتییە (کە خاوەنی دەسەڵاتێکی سنووردارە بەراورد بە ئەمیندارە گشتییی) و زیاتر لە (20) ساڵە لەم پۆستەدایە.
- فەرمانگە ستراتیجییەکان و کارگێڕییەکان: ئەمینداریەتی گشتی خاوەنی چەندین فەرمانگەی هەستیارە، لەوانە: (فەرمانگەی یاسایی، فەرمانگەی کاروباری ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەکان، فەرمانگەی چاودێری و وردبینی و فەرمانگەی حکومەتی ئەلیکترۆنی). لەکۆی ئەم فەرمانگە گرنگانە، کورد بوونی نییە.
- لیژنە نیشتمانییەکان: لیژنە وزاری و نیشتمانییە باڵاکان (وەک لیژنەکانی تایبەت بە چاکسازی، گرێبەستە حکومییەکان، و پەرەپێدانی ئابووری) کە لە ناو جەرگەی ئەمینداریەتەکەدا دروست دەکرێن، لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەمینداردا بەڕێوەدەچن، ئەمەش وا دەکات قورسایی سیاسی و کارگێڕیی کورد لە داڕشتنی ڕێنماییە ئیدارییەکاندا کەمترین ڕەنگدانەوەی هەبێت.
- سیستەمی وەکالەت: بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردن بە وەکالەت لە بەغدا، زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکانی ناو نوسینگەکە و فەرمانگەی ڕاگەیاندن و پڕۆتۆکۆل لەژێر کۆنترۆڵی لایەنەکانی دیکەدان.

## دووەم: سەرۆکایەتی کۆمار

لە دوای ساڵی 2003، سەرۆک کۆمار پشکی سەرەکی پێکهاتەی کوردە لە عێراقدا، بەڵام کاتێک لە قووڵایی ئیداری، کارگێڕی، و جومگەکانی بڕیاردانی ناو ئەم دامەزراوەیە دەڕوانیت پێچەوانەی ناسنامەی سەرۆکەکەی، دەسەڵاتی ڕاستەقینە و بەڕێوەبردن لە دەستی پێکهاتەکانی دیکەدایە، بەم شێوازەیە:

- سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار (پلەی وەزیر): عەرەبی سوننە.
- سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران (پلەی وەزیر): عەرەبی شیعە.
- بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆمار: عەرەبی شیعە.
- فەرمانگە کارگێڕییەکان: لەکۆی 13 (وەک فەرمانگەکانی یاسایی، دارایی، کارگێڕی، پرۆتۆکۆڵ و ڕاگەیاندن)، تەنها دوو فەرمانگە لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێن.
- ڕاوێژکار: لەناو دەستەی ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتی کۆماردا کە ئەرکیان پێداچوونەوەی یاساکانی پەرلەمان، پێشنیارکردنی یاسا نوێیەکان و پێدانی ڕاوێژی سیاسی و یاساییە، پێکهاتەکانی تر باڵادەستن و زۆربەی دۆسیە ستراتیجییەکانی پەیوەست بە دەستوور لەژێر چاودێری ئەواندا دادەڕێژرێتەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار باشترین نموونەیە بۆ پاشەکشەی کورد، تەنانەت لەو ناوەندەشدا کە لە لوتکەدا پشکی کوردە، هێشتا جومگەکانی سێبەر (دیوان، نوسینگە، و فەرمانگەکان) لەژێر کۆنترۆڵی پێکهاتەکانی دیکەدان، ئەمەش وایکردووە هێز و قورسایی کارگێڕیی کورد لە ناو ئەم دامەزراوە سیادییەشدا بە تەواوی سنووردار بێت.

## سێهەم: ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق (المجلس الوزاري للأمن الوطني) بە باڵاترین و هەستیارترین ناوەندی بڕیاردانی ئەمنی و سەربازی لە وڵاتدا دادەنرێت. ئەم ئەنجومەنە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە (وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان) سەرپەرشتی دەکرێت و قاسم حەسەن ئەلعبودی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانییە و تەواوی سیاسەتەکانی بەرگری، ئاسایشی ناوخۆ، ڕێککەوتنە سەربازییە نێودەوڵەتییەکان، و پلانە ستراتیجییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لێوە دەردەچێت.

کورد بەرێژەیەکی زۆر کەم لەم ئەنجومەنەدا هەیە کە چەندین ڕاوێژکاری و فەرمانگەی گرنگی (وەک فەرمانگەی پلان و بەدواداچوون، سەنتەری نیشتمانیی گۆڕینەوەی زانیاریی ئەمنی) هەیە و لە کاتی داڕشتنی ڕاپۆرتە ئەمنییەکان بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران، ڕوانگە و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو ناگیرێت.

## چوارەم: دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکان

کەرتی هەواڵگری و ئاسایشی نیشتمانی لە عێراقی فیدراڵدا، بە لاوازترین و کەمترین ئاستی بەشداریی کورد دادەنرێت. لە دوای ساڵی 2003، بڕیار بوو ئەم دەزگایانە لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نیشتمانی و هاوبەشیی نێوان پێکهاتەکان دابمەزرێن، بەڵام لە ئێستادا بە تەواوی مەرکەزی کراون و پشکی کورد تێیاندا لە نێوان 1٪ بۆ 3٪ تێپەڕ ناکات.

- دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق (INIS) : لەدوای لادانی کادیرە کوردکان، کورد هیچ پۆستێکی کاریگەر وەک یاریدەدەر و بەڕێوەبەری گشتی لەم دەزگایەدا نەماوە.

- دەزگای ئاسایشی نیشتمانی (NSA): سەرۆکایەتی و بریکارەکانی ئەم دەزگایە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی پێکهاتەکانی ترن و کورد تەنها لەو پارێزگایانەی پێکهاتەی تێکەڵاویان هەیە (وەک کەرکووک و نەینەوا) کورد نوێنەرایەتییەکی سنووردار ی هەیە، بەڵام لە ناوەندی سەرەکیی بڕیاردان لە بەغدا، کورد بوونی نییە.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگریی سەربازی (ئیستیخبارات) : ئەم دەزگایە کە سەر بە وەزارەتی بەرگرییە، بە تەواوی لەلایەن سوننە و شیعەوە بەڕێوەدەبرێت.
- ناوەندەکانی زانیاری و هەماهەنگی (ژوورە ئەمنییە هاوبەشەکان): کورد لەم ناوەندە نێودەوڵەتییانەدا وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق بەشدار نییە، بەڵکو نوێنەرایەتیی عێراق لەم ژوورانەدا تەنها ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئەمنیی حکومەتی ناوەندییە لە بەغدا.

## پێنجەم: دەستە و دامەزراوە سەربەخۆکان

دەستە سەربەخۆکان لە عێراقی فیدراڵدا بە "حکومەتی سێبەر" دادەنرێن، چونکە تەواوی جومگە داراییەکان، مۆڵەتەکان، چاودێریی خەرجییەکان و پرۆسەی دیموکراسی و میدیای بەدەستە، سەرەڕای ئەوەی بەپێی ماددەی 105ی دەستوور دەبوو هاوسەنگیی پێکهاتەکان تێیاندا جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە واقیعدا نوێنەرایەتیی کورد تێیاندا زۆر لاوازە، بەم شێوازەیە:

- بانکی ناوەندی عێراق (CBI) : هەرچەندە پۆستی جێگری پارێزگاری بانکی ناوەندی پشکی کوردە، بەڵام لای کورد نییە و لە ناو سەنتەری بڕیاردان و لە ئەنجومەنی کارگێڕی (مجلس الإدارة) و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە گرنگەکانی وەک (چاودێری بانکەکان و وەبەرهێنان)، کورد کەمترین کادیری هەیە.
- دەستەی دەسپاکی (النزاهة): کورد فەرمانبەر یان لێپرسراوی باڵای نییە لەم دەستە گرنگە.
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (IHEC): لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران (تەنها دوو ئەندام لە کۆی نۆ ئەندام) کوردن، بەڵام لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە جێبەجێکارییەکانی ناو دیوانی کۆمیسیۆن لە بەغدا، کارمەندانی پێکهاتەکانی تر قورسایی سەرەکییان هەیە.
- دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵ: ئەم دیوانە لە دوای ساڵی 2003وە هەمیشە سەرۆکایەتییەکەی لای شیعە بووە، بوونی کورد زۆر لاوازە تێدا.
- دەستەی میدیا و گەیاندن (CMC): لوتکەی دەستەکە (سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداران و بەڕێوەبەری جێبەجێکار) لای پێکهاتەکانی دیکەن. کورد تەنها یەک یان دوو ئەندامی لە ئەنجومەنی ئەمینداران هەیە.

## شەشەم: دیپلۆماسی و نوێنەرایەتییە دەرەکییەکان

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە چەندین کابینەدا پشکی کورد بووە، بەڵام لە جومگەکانی بڕیاردان، کارگێڕی، و دابەشبوونی جوگرافیی نێردە دیپلۆماسییەکان ناهاوسەنگی زۆر هەیە".

- دیوانی وەزارەتی دەرەوە: سەرەڕای ئەوەی وەزیر کوردە و یەکێک لە بریکارەکانی وەزارەتیش لەئێستادا (شۆڕش خالید) کوردە، بەڵام فەرمانگە ناوخۆییەکانی ناو دیوانی وەزارەت لە بەغدا لەژێر کۆنترۆڵی کادیرانی پێکهاتەکانی ترن.
- باڵیۆزخانەکان : ڕێژەی باڵیۆزە کوردەکان لە دەرەوەی وڵات نزیکەی 20٪ یە، بەڵام کێشە سەرەکییەکە لە دابەشبوونی جوگرافیای پۆستەکاندایە. زۆربەی باڵیۆزە کوردەکان لە وڵاتانی پلە دوو یان کەمترە.

- کونسوڵخانەکان: لەسەر ئاستی کونسوڵە گشتییەکان و ستافی دیپلۆماسیی ناو کونسوڵخانەکان، ڕێژەی کارمەندانی کورد زۆر کەمە.
- نوێنەرایەتییەکان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان: کورد لەم ناوەندە نێودەوڵەتییە گەورانەدا بە تەواوی کەنارگیر کراوە.

## حەوتەم: کۆمپانیا و دامەزراوە ئابوورییە حکومییەکان

کۆمپانیا و دامەزراوە ئابووری و نەوتییەکانی عێراق بە سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی داهات و شادەماری ئابووریی وڵات دادەنرێن، بەڵام ئەم کەرتە لە بەغدا بە تەواوی مەرکەزی کراوە و نوێنەرایەتیی کورد تێیدا لە نێوان 1٪ بۆ 2٪ تێپەڕ ناکات.

- کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی (INOC):کورد هیچ پۆستێکی کاریگەر یان بڕیاردەری نییە.
- کۆمپانیا ستراتیجییەکانی وەزارەتی نەوت کۆمپانیای سۆمۆ سەرەڕای ئەوەی لە ڕێککەوتنە سیاسییەکاندا بڕیاردرابوو کە کورد (پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی سۆمۆ)ی هەبێت بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی فرۆشتنی نەوت، بەڵام لەڕووی جێبەجێکردنەوە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کادیرانی پێکهاتەی ترن و دەسەڵاتی کورد تێیدا تەنها ڕووکەشە.
- دامەزراوەکانی غاز و وزە (غازی باکوور و باشوور): پێگەی کورد لەم دامەزراوەیە دا پاشەکشەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و پۆستە سەرەکییەکان دراونەتە پێکهاتەکانی دیکە. لە کۆمپانیاکانی غازی باشوور و ناوەڕاستیشدا، کارمەندی کورد بە تەواوی نییە.

## هەشتەم: سوپا و هێزە چەکدارەکان

سوپا و هێزە چەکدارەکانی عێراقی فیدراڵ لە دوای ساڵی 2003وە بڕیاربوو بەپێی دەستوور نوێنەرایەتیی تەواوی پێکهاتەکانی تێدا بێت و ڕێژەی کورد تێیدا هاوسەنگ بێت، بەڵام بەهۆی پرۆسەی دووبارە ڕێکخستنەوەی سەربازی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەرکەزی، پێگەی کورد لە لوتکەی بڕیاردان و فەرماندەیی مەیدانیی هێزەکاندا پاشەکشەیەکی گەورە و مێژوویی بەخۆیەوە بینیوە.
لەساڵی 2007ەوە بە پێ ئاماری فەرمی وەزارەتی بەرگری عێراق ڕێژەی سەرباز و ئەفسەری کورد لەنێوان (7٪ بۆ 12٪) بووە، بەڵام لەئێستا (2026) ئەورێژەیە بۆ لە 1٪ دابەزیوە.

- سەرۆکایەتی ئەرکان: سوپاسالار بۆ ماوەی چەندین ساڵ پشکی کورد بوو (بابەکر زێباری)، بەڵام دواتر لە لایەن پەرلەمانەوە لە کورد سەندرایەوە و ئێستا فەریق یەکەم عەبدولئەمیر یارەڵڵا سەرۆکایەتی دەکات.
- هێزی وشکانیی سوپا: لە کۆی پتر لە 20 فیرقەی سەربازیی سوپای عێراق، فەرماندەیی یەکەمی فیرقەکان بە تەواوی لای پێکهاتەکانی ترە. ڕێژەی ئەفسەرانی کورد لە سەرکردایەتیی لیواکان و فەوجەکانیشدا بۆ کەمتر لە 1٪ دابەزیوە، تەنانەت لەو فیرقانەی پێشتر زۆرینەی کورد بوون (فیرقەکانی 1 و 2 و 4 و 12 ).
- هێزی ئاسمانی: پۆستی فەرماندەی هێزی ئاسمانی تاوەکو ئەم دواییانە لای کورد بوو، بەڵام خانەنشین کرا و پۆستەکە بە فەرمی ڕادەستی ئەفسەرێکی تر کرا، بەمەش کورد دوا پێگەی سەرکردایەتیی خۆی لەم هێزە ستراتیجییەدا لەدەستدا، و ڕێژەی فڕۆکەوانان و کارمەندانی تەکنیکیی کورد لەم کەرتەدا تەنها نزیکەی 2٪یە .
- هێزی دەریایی: بەهۆی پێگەی جوگرافیای هێزەکەوە، کورد لەم فەرماندەییەدا بە تەواوی نییە.

- هێزی دژە تیرۆر (ICTS) ئەم دەزگایە کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆک وەزیرانە، لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی فەوجەکان و فەرماندەیی گشتی بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئەفسەرانی پێکهاتەکانی ترن و کورد هیچ دەسەڵاتێکی بڕیاردانیان تێیدا نییە.
- فەرماندەییە ئۆپەراسیۆنەکان (قيادات العمليات): لە هیچ کام لەم فەرماندەییە گرنگانەدا (تەنانەت لە کەرکووک و نەینەوا) فەرماندەی یەکەم کورد نییە.

### نۆیەم: وەزارەتەکان

بەگشتی نوێنەرایەتیی کورد لە وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا، لەسەر ئاستی لوتکە (پۆستی وەزیرەکان) بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و خاڵە سیاسییەکان دابەش کراوە. بەڵام کێشەی سەرەکی و پاشەکشەی ڕاستەقینەی کورد لە پۆستەکانی خوار وەزیرەکاندایە، وەک (بریکارەکان، راوێژکار، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی فەرمانگەکان) کە بڕیاری کارگێڕی و دارایی ڕۆژانەیان لە دەستە.

### دەیەم: دەسەڵاتی دادوەری

هاوشێوەی دامەزراوەکانی تری عێراق کورد بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشدارە لە دەسەڵاتی دادوەری، بەمشێوەیە:

- دادگای باڵای فیدراڵی (المحكمة الاتحادية العليا) ئەم دادگایە بەرزترین دەسەڵاتی یاسایی و دەستوورییە لە عێراقدا. دادوەرەکانی بەشدارن لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی وەک یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، و لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکان، کورد خاوەنی دوو دادوەرە لە کۆی ٩ ئەندامی سەرەکی دادگاکە.
- ئەنجومەنی باڵای دادوەری (مجلس القضاء الأعلى) ئەم ئەنجومەنە بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و دارایی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان). نوێنەرایەتی کورد لێرەدا لە ڕێگەی سەرۆکی ئەو دادگایانەوە دەبێت کە دەکەونە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (وەک کەرکوک و نەینەوا)، بەم پێشە ڕێژەی کورد لەم ئەنجومەنە سنوردارە.
- دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی (محكمة التمييز الاتحادية) کورد خاوەنی چەند دادوەری پلەباڵایە لەم دادگایەدا کە کاریان پێداچوونەوە و بڕیاردانی کۆتاییە لەسەر کەیسە سزایی، شارستانی، و بازرگانییەکان لەسەر ئاستی عێراق.

## ستراتیجی بەهێزکردنەوەی پێگەی کورد لە بەغدا

زۆرجار کورد توانیویەتی پۆستەکانی سەرۆک کۆمار یان وەزیر و پۆستە سیاسییە گرنگەکان بەدەستبهێنێت، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ناوەندەکانی بڕیاردان، جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و دامودەزگا کارگێڕییەکاندا پاشەکشەی کردووە. ئەمەش وایکردووە زۆرێک لەو دەسکەوتانەی لە ئاستی سیاسی بەدەستدێن، لە ئاستی جێبەجێکردندا کاریگەری نابێت یان لەدەست دەدات.

لە ڕاستیدا، هێزی ڕاستەقینەی دەوڵەت تەنها لە ئەنجومەنی وەزیران یان لە ژووری دانیشتنە سیاسییەکاندا نییە؛ بەڵکو لە تۆڕی فراوانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ڕاوێژکاران، سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، دادوەران، ئەفسەرانی باڵا، دیپلۆماتەکان و بەرپرسانی دامودەزگا دارایی و چاودێرییەکاندا کۆدەبێتەوە. ئەوانەن کە یاساکان دەنووسن، بودجەکان ئاڕاستە دەکەن، گرێبەستەکان واژوو دەکەن و سیاسەتە گشتییەکان دەگوازنەوە بۆ جیهانی جێبەجێکردن. بۆیە ئەگەر کورد بیەوێت لە بەغدا پێگەیەکی پایەدار و کاریگەری هەبێت، پێویستە لە «سیاسەتی پۆستەکان» بگوازێتەوە بۆ ناو جەرگەی دامودەزگا کاریگەرەکانی تری دەوڵەت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دوو هەنگاوە ستراتیجییە پێشنیار دەکرێت:

### ١. دامەزراندنی ژووری نیشتمانیی هەماهەنگی و بەدواداچوونی پۆستەکان

پێویستە پەلە بکرێت لە دروستکردنی ژوورێکی تایبەت و هاوبەش لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا کە ئەرکەکانی ئەمانەی خوارەوە بن:

- داتابەیسی نیشتمانی: کۆکردنەوەی داتای ورد لەسەر سەرجەم پۆستە کارگێڕییە فیدراڵییەکان و دیاریکردنی ڕێژەی ڕاستەقینەی کورد تێیاندا.
- چاودێریکردنی پۆستە بەتاڵەکان: بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو پۆستانەی بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن یان دروست دەکرێن تا پێشوەختە کاندیدی بۆ ئامادە بکرێت.
- پێشنیارکردنی کادیری شایستە: دوورکەوتنەوە لە تەزکیەی حیزبی و دیاریکردنی ئەفسەر، دادوەر و تەکنۆکراتە لێهاتووەکانی کورد کە توانای ململانێی ئیدارییان لە بەغدا هەبێت.
- یەکخستنی هەڵوێست و داواکارییەکان لەکاتی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر.

### ٢. بەئامانجگرتنی ناوەندەکانی بڕیار

ئەزموونی دەوڵەتە مۆدێرنەکان نیشاندەدات کە زۆرجار کاریگەریی ڕاستەقینە لە پۆستە کارگێڕییەکاندا کۆدەبێتەوە، نەک تەنها لە پۆستە سیاسییە باڵاکاندا. بۆیە پێویستە هەوڵە سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەم پۆستانە ئاڕاستە بکرێت:

- سەرۆکی دەستە و دامەزراوە سەربەخۆکان، وەک میدیا، دەستپاکی، چاودێری دارایی و دامەزراوە ڕێکخەرەکان.
- بەڕێوەبەرە گشتییەکان، جێگرەکان و سەرۆکی فەرمانگەکان، چونکە جێبەجێکردنی بودجە، گرێبەستەکان، پلانی کار و بڕیارە ڕۆژانەکانی دەوڵەت لە دەستی ئەوانە.
- پۆستەکانی دیپلۆماسی، دارایی، پلاندانان و ئاسایشی نیشتمانی، کە کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر ئاڕاستەی سیاسەتەکانی دەوڵەت هەیە.
- ڕاوێژکاران و تیمەکانی سیاسەتسازی، چونکە زۆربەی پڕۆژەیاسا، پلان و بڕیارە ستراتیجییەکان لەو ئاستەدا ئامادە دەکرێن.
- فەرماندەی سەربازی و ئەمنییەکان لە لیوا و فەوج و دەزگا جیاوازەکان.

## دەرئەنجام

١. پێگەی کورد لە دامودەزگا فیدراڵییەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەردەوام پاشەکشەی کردووە و لە قۆناغی شەراکەتەوە بەرەو قۆناغی (بەشداری سنووردار) گواستراوەتەوە.

٢. کەمبوونەوەی پشکی کورد تەنها لە ژمارەی وەزارەتەکاندا نەبووە، بەڵکو لە دامودەزگا ستراتیجییەکان و پۆستە کارگێڕییە بڕیاردەرەکانیشدا ڕوویداوە، کە کاریگەرییەکەی قووڵتر و درێژخایەنترە.

٣. زۆربەی ناوەندەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان، وەک نووسینگەی سەرۆک وەزیران، دەزگا هەواڵگرییەکان، بانکی ناوەندی، دامودەزگا داراییەکان و لوتکەی سوپا لەژێر دەسەڵاتی پێکهاتەکانی دیکەدان و نوێنەرایەتیی کورد تیایاندا زۆر سنووردارە.

٤. هۆکاری سەرەکیی ئەم پاشەکشەیە تەنها گۆڕانکارییەکانی بەغدا نییە، بەڵکو پەرتەوازیی هێزە کوردییەکان، نەبوونی ستراتیجییەکی هاوبەش و نەبوونی دامودەزگایەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی پۆستە فیدراڵییەکانیش ڕۆڵی گرنگیان بینیوە.

٥. گواستنەوەی هاوکێشەی سیاسی عێراق لە چەمکی (تەوافوق و شەراکەت) بۆ چەمکی (زۆرینەی سیاسی) یەکێک بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سنووردارکردنی ڕۆڵی کورد لە جومگەکانی دەسەڵاتدا.

٦. پاراستن و گەڕاندنەوەی پێگەی کورد لە بەغدا، پێویستی بە گۆڕینی تێڕوانین هەیە لە سیاسەتی پۆستی باڵاوە بۆ سیاسەتی کاریگەربوون لە ناوەندەکانی بڕیار، کارگێڕی و جێبەجێکردن.

٧. دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەش بۆ هەماهەنگی و بەدواداچوونی پۆستە فیدراڵییەکان، دەتوانێت یەکێک بێت لە گرنگترین هەنگاوەکان بۆ وەستاندن یان پێچەوانەکردنەوەی ئەم پاشەکشەیە.

## پێشنیارەکان

١.دامەزراندنی ناوەندی نیشتمانی بۆ بەدواداچوونی پۆستە فیدراڵییەکان، پێویستە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان ناوەندێکی هاوبەش و سەربەخۆ دامەزرێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، چاودێری و بەدواداچوونی سەرجەم پۆستە فیدراڵییەکان. ئەرکی ئەم ناوەندە بریتی بێت لە دیاریکردنی شوێنە بەتاڵەکان، ئامادەکردنی کادری شایستە و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی بەردەوام دەربارەی ئاستی نوێنەرایەتیی کورد لە دامودەزگا فیدراڵییەکاندا.

٢.گواستنەوەی سەرنج لە وەزارەتەکان بۆ ناوەندەکانی بڕیار، پێویستە هەوڵە سیاسییەکانی کورد تەنها لەسەر وەرگرتنی وەزارەتەکان چڕ نەبنەوە، بەڵکو ئاڕاستەی پۆستەکانی وەک ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، فەرماندە سەربازییەکان، دیپلۆماتەکان و بەرپرسانی دامودەزگا دارایی و چاودێرییەکان بکرێن.

٣.یەکخستنی دۆسیەی بەغدا، پێویستە دۆسیەی پۆستە فیدراڵییەکان لە ململانێی حیزبی دەربهێنرێت و وەک دۆسیەیەکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێگەی کورد لە بەغدا پێگەی یەک حیزب نییە، بەڵکو پێگەی تەواوی هەرێم و گەلێکە.

٤. داکۆکی لەجێبەجێکردنی ماددەی 9 (بڕگەی یەکەم/ أ) و ماددەی 61 (بڕگەی پێنجەم/ ج) و ماددەی 105 و 104 ی دەستوور، بەتایبەتیش بڕگەکانی پێویستە کورد بەشێوەیەکی سیستەماتیک داوای جێبەجێکردنی ماددەی 105 دەستوور بکەن، کە جەخت لەسەر هاوسەنگی و نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی عێراق لە دامودەزگا فیدراڵییەکان دەکات.

٥.دروستکردنی بانکێکی کەسانی پسپۆڕ، پێویستە لیست و داتابەیسێکی گشتگیر بۆ ئەفسەران، دادوەران، دیپلۆماتەکان، تەکنۆکراتەکان و پسپۆڕانی کورد دروست بکرێت، بۆئەوەی لە کاتی دروستبوونی هەر پۆستێکدا کاندیدی گونجاو و ئامادە هەبێت.

٦.گرنگیدان بە دامودەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان، لەبەر ئەوەی زۆربەی بڕیارە ستراتیجییەکانی دەوڵەت لە ناو ئەم دامودەزگایانەدا دروست دەبن، پێویستە کورد بە شێوەیەکی جددیتر داوای نوێنەرایەتیی هاوسەنگ لە دەزگا هەواڵگرییەکان، ئاسایشی نیشتمانی، هێزی دژە تیرۆر و فەرماندەییە سەربازییەکاندا بکات.

٧.بەهێزکردنی ئامادەیی دیپلۆماسی، پێویستە هەوڵبدرێت بۆ زیادکردنی ژمارە و ئاستی پۆستە دیپلۆماسییەکانی کورد، بە تایبەتی لە باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوروپا، ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە.

٨.بەدواداچوونی سیستەمی وەکالەت، زۆرێک لە پۆستە گرنگەکان لە بەغدا بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن. پێویستە کورد بە شێوەیەکی بەردەوام ئەم پۆستانە چاودێری بکات و پێش لە پڕکردنەوەیان کاندیدانی خۆی ئامادە بکات.

٩.پەیوەستکردنی دۆسیەی پۆستەکان بە گفتوگۆ سیاسییەکان، پێویستە پرسی نوێنەرایەتیی کورد لە دامودەزگا فیدراڵییەکان ببێتە بەشێکی سەرەکی لە هەر گفتوگۆ و ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ هێزەکانی تر، نەک تەنها بابەتێکی لاوەکی دوای پێکهێنانی حکومەت.

## سەرچاوەکان

- دەستووری کۆماری عێراق (2005).
- یاسای ئەنجومەنی وەزیران و ئەمینداریییەتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران.
- یاسای دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق.
- یاسای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی.
- یاسای بانکی ناوەندی عێراق.
- یاسای دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ.
- ماڵپەڕی فەرمی سەرۆکایەتی کۆمار.
- ماڵپەڕی فەرمی سەرۆک وەزیران.
- ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوە.
- ماڵپەڕی وەزارەتی بەرگری.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Iraq, Sulaymaniyah, Saeed Kaban Street, House No. 28.

visionfoundationiq